# ماڵ ئاوایی لە نووسین

یاسین بانیخێلانی

بیرتۆلت برێشت Bertolt Brecht دەڵێ: لەو سەردەمەی نازییەکان ئەسپ و گاکانیان بۆ ڕاکێشانی ئەو گالیسکانەی سیخناخ کرابوون لە کتێب نەقیزەژەن دەکرد، لەو سەردەمەی ئاگریان لەبالآی کتێبە خەرمانکراوەکان دەدا، شاعیرێکی بەهەڵوێست و ڕاونەکراو پاش ئەوەی لیستی ڕەشی ناوەکان و کتێبەکانی خوێندەوە، بۆی دەرکەوت ناوی و کتێبەکانی لەبیرکراون، بۆیە ئارامی لێبڕاو بە پەلە خۆی گەیاندە مێزی نووسینەکەیی و بەقەڵەمێکی باڵدار نامەیەکی بۆ دەسەڵاتداران نووسی:

بم سوتێنن، بم سوتێنن!

شتی وام لەگەڵ مەکەن!

بم سووتێنن!

پشت گوێم مەخەن و مەمهێڵنەوە!

بۆ مەگەر من لەناو نووسینەکانمدا هەمیشە ڕاستییم نەگوتووە؟

ئەی بۆ ئێستا وەك درۆزنێك مامەڵەم لەگەڵ دەکرێ!

فەرمانتان بەسەردا دەدەم

بم سووتێنن!

بم سوتێنن!

ئەو گەلەی ئەزمون لە مێژوو وەرنەگرێت و هەمیشە مێژوو لەناویدا دووبارە بێتەوە، کارل مارکس Karl Marx گووتەنی: دەبێتە گاڵتەجاڕ، جا من بۆ خۆم زۆر دەمێکە لایەنە تراژیدیاکەی مێژووم گرتووە تەنها لەبەر ئەوەی نەبمە ئەو گاڵتە جاڕە!. من کوڕی میللەتێکم زوخاو لە چاوی مێژووی دەتکێ و ئێمەش خوێی تێدەکەین، دڵی لە پێنج لاوە کون کراوەو ئێمە دەستی تێوەردەدەین، کاتێکیش لەسەر ئەم کردەوە دڕندانە بەرامبەر بەخۆمان دێینە دەنگ خاوەن دەسەڵاتەکان شیرو تیرمان لێدەسوون. مامۆستا هێمن دوێنی نووسیبووی: (شاعیرێتی بۆمن هیچ سودێکی نەبوو جگە لەوەی ئەو ناوە دوورو درێژەی لەکۆڵکردمەوە) بەڵام ئاخۆ بۆمن نەك هەر ناوە کورتەکەمی درێژکردەوە بەڵکو بوو بە بەڵایەك خەوو خۆراکیشی لێزڕاندووم و ژیانی لێ تاڵ کردووم، تەنها لەبەر ئەوەی ناتوانم لەئاست خیانەت و ئەو ناهەقیانەی بەرامبەر گەلەکەم و مرۆڤ دەکرێت بێدەنگ بم، چونکە بێدەنگی تەنها

هەڵوێستی ترسنۆکەکانە. ئاخ بۆ چارەنووسی ئەو گەلانەی پیاوی ڕامکراوو ترسنۆك بەرهەمدەهێنێت، پیاوگەلێك هێشتا زمانیان بۆ جارێك وشەی (نا) ی بەسەردا نەهاتووە، چونکە ئەوان ئەو کۆت زنجیرەی لەگەردنیان ئاڵاوە بە ڕزگارکەری خۆیانی دەزانن، بۆیە منیش کەوتمە بەرنەفرەتیان، چونکە ویستم لەو ڕزگارکەرەیان ڕزگار بکەم.

خۆشەویستان: من لێرەوە دەڕۆم وماڵئاواییتان لێدەکەم و ڕێگای تەنهایی دەگرمە بەرو ئازار هەڵدەبژێرم. بەڵام تەنها وەسیەتم ئەوەیە نەکەن بەقسەی دەسەڵاتدارەکان فریو بخۆن، چونکە وەك فریدریش نیتسشە Friedrich Nietzsche دەڵێ: (کاتێك لەم ڕۆژگارەدا لە واتای دەسەڵات تێگەیشتم و لێم ڕوونبووەوە، کە بازرگانی کردنە بە هێزو سەودا پێکردنێکە لەلایەن ناجسنەکانەوە، پشتم لە دەسەڵاتداران کرد و توشی نائومێدی بووم). بۆیە جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە بە قسەشیرینەکانی دەسەڵاتداران فریو نەخۆن چونکە لە هەناویاندا ژەهرێکی کوشندە هەیە. تاکە ڕێگەیەك ئێوە لەمردن ڕزگار دەکات تەنها ئەوەیە پیاوە بچوکە گرگنەکەی ناختان بکوژن تا ببن بە مرۆڤێکی باڵا، ئەو جا لەو باڵاییەوە دەتوانن بەختیاری بەدەست بهێنن. من ماڵئاواییتان لێدەکەم و ناگەڕێمەوە هەتاکو دەنگ و هاوارتان نەمهەژێنێت کاتێك بانگی پێغەمبەرەکان دەکەن بگەڕێنەوە بۆناوتان، چونکە دەزانم سبەینێ، کە بە هۆشی خۆتاندا دێنەوە پێویستان بەم پێغەمبەرانە دەبێت: کارل پوپەرKarl Popper فێری بەخشندەیی و زمانی دایەلۆگتان بکات، مارتین لوتەر Martin Lutherدەمامکی درۆزنانە لەسەر ڕوخساری مەلا و شێخەکانتان لادا، ڤیلهێلم ڕایش Wilhelm Reichلەگرگنی و بچوکی قوتارتان دەکات و فێری خۆشەویستی و سێکستان دەکات و نیتسشەیش دەتان کات بە مرۆڤێکی باڵا ئەو مرۆڤەی، کەلەسەری خۆیەوە هیچ بوونێك نابینێ.

ئازیزان من دەڕۆم و خۆم بە تەنهایی دەسپێرم و ئازارەکان لە ئامێز دەگرم، تکایە هەرچیم هەیە بیسووتێنن و لەناوی بەرن، نەکا وشەیەکم ڕۆژێك لە ڕۆژان فریوتان بدات و لەلاڕێی دەسەڵات لابدەن و یاخی بن، چونکە هێشتا ئێوە ئەو مێگەلەن، کە بە بێ شوان ناتوانن بژین، من دەڕۆم و ئەو پەیامەی نیتسشە وەك ئایەتێکی پیرۆز لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم، کە دەڵێ: (تەنیا خوازەکان ئێوە لەم جیهانە دابڕاون، بەڵام لەئایندەدا دەبنە کۆمەڵ و گەلی هەڵبژاردەتان لێ پەیدا دەبێ).

23.10.2001
Ludwigshafen